# راگەیاندن لە سێبەری جیهانگیریدا

راگەیاندن و جیهانگیری لە گەیاندن و بەرهەم هێناندا تەواوکەری یەکترن، تائێستاش جیهانگیری جێگای گفتوگۆی چڕوو بەردەوامەو بیروراکان دابەش بوون لە نێوان دووجەمسەری سەرەکی. جەمسەری یەکەم دەڵێن چارەسەری تەواوی کێشەکانی ئەم چەرخەن لەو کۆسپ و ریگرو تەگەرانەی لەبەردەم بەرەو پێش چوون و گەشەکردنی گەلاندایە، دووەم لە دژی دەوەستن وای دەبینن هۆکاری سەرەکیە لە ئیش و ئازارەکانی مرۆڤایەتی لە کێشە ناخۆش و شەڕوو کۆسپ و تەگەرەکان لەبەردەم پێشکەوتنی وڵاتان و گەلانی جیهاندا دروست کردووە. ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی مێژوویی یەو نوێنیە، جیهانگیری ئەمڕۆ بەدەردەکەوێ لە سروشتی سەرمایەداری و سستەمەکانی، جیهانگیری لیپریالیزمە ئەمەش دەسەلاتی سەرمایەدارە. لەرێگای کۆمپانیا سنوربەزێنەکان بەدوای قازانج و ئیستغلال کردنی مرۆڤدا دەگەڕێ. روخسارو دیاردەو دەرکەوتەکانی جیهانگیری (ئابوری – سیاسی – رۆشنبیری و راگەیاندن) نمایشی دەسەلاتی خۆی دەکات.

جیهانگیری راگەیاندن ئەو کردەیە جیهان دەگۆڕێ بۆیەک کیێڵگەی بەرهەمهێنان و بازاڕی بەرهەمهێنی راگەیاندن لەلایەن دەسەلاتی راگەیاندنە فرەرەگەزەکان، بە مەبەست و ئامانجی دروستکردنی رایەکی گشتی جیهان. شان بەشانی جیهانگیری بڕوات و پێوەرەکانی بیروراکان و شێوازی قبوڵ بکات و کۆسپەکانی بەردەمی نەهێڵێت . لەم کاتەشدا نە هەواڵ و نە بەرنامەی ناوخۆی رۆلی نامێنێ نە لەبەرهەم هێنانێ بازاڕدا. ئەوەشمان لەبیر نەچێ جیهانگیری رۆشنبیریش کە جیهانگیری ئابوری و سیاسیە کاریگەری نزیک بوونەوەی رۆشنبیری گەلان و بەهاکانی دەسرێتەوەو وە چەندەها خو رەوشتی تاک و کۆ بڵاو دەکاتەوە. تێکەلاوبوونی شۆرشی تەکنەلۆجیاو گەیاندن لەگەڵ بەشە سەرەکیەکانی ئابوری جیهان لە گەیاندن و ئاڵ و گۆڕی بەرهەمهێناندا لەلایەک. گەیاندن و راگەیاندن وەک گۆڕە پانێک بۆ سەرمایەگوزاری و بەرهەمهێن لەلایەکی تر. بۆ چاندنی پێکهاتە ئایدۆلۆجیاکەی جیهانگیری نوێ بۆ بەرێوەچوونی شەڕە سیاسی و ئابوریەکانی شێوازێکی نەرم و نیانانە بۆ بەزاندنی سنورەکان و داپۆشینی وڵاتان بەبێ پەرچە کردار.

راگەیاندن شوێن و رۆڵی خۆی هەیە: راگەیاندن توخمێکی سەرەکیە لە پێکهاتەکانی جیهانگیری تەنها گۆڕەپانێکی گەورە نیە بۆسەرمایەو وەبەرهێن, بەڵکو خێراییەکانی بێهاوتایە لە بلاوبوونەوەو گەشەکردن ئەمەش دوو رۆڵی گەورەن لەسەرکەوتن و شکستەکانی جیهانگیری ، راگەیاندن توخمێکی بنەڕەتیە لە توخمەکانی گەشەی کۆمەلایەتی لە پاڵ خێزان و قوتابخانەو زانکۆو حزبەکان و .....هتد.

راگەیاندن یەکێکە لە توخمە کاریگەرەکانی دروست بوونی رای گشیتی, کاریگەری لە بلاوبونەوەی بیروراو زانست. هۆکارێکە بۆ بلاوبوونەوەیەکی خێراو فراوان و شێوازی جۆراو جۆری لە خۆگرتووە (تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت و رادیۆو رۆژنامەو بلاوکراوەو گۆڤار و سینەما و شانۆو پەرتوک ......هتد) ئەمڕۆ بۆتە بەهێزترین توخمی گەشەکردنی کۆمەلایەتی بۆکاریگەری لەسەر بیروبۆچونەکانی خەڵک و پێوەرەکانیان، ئەمەش دابوونەریتەکان راست دەکاتەوە خۆگونجاندن و گۆران, لە شێواز و مرۆڤەکان دا بەرجەستە دەکات دەیانکاتە گیانێکی زیندوو بۆ راگەیاندن.

لە راستیدا بەکارهێنانی ئەو گۆڕەپانە فراوانەی راگەیاندن سەرنجمان رادەکێشێ بۆ ئەوەی رۆڵی کەم نەکەینەوە تەنها, لە گواستنەوەی, هەواڵ و روپێوی رووداوەکان و پێشکەش کردنی زانیاری و بیروڕاکان لەسەر کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان بۆ جەماوەر. بۆیە راگەیاندن لە گواستنەوەی رووداوە و گۆڕاوە بۆ دروستکەری رووداو , بۆتە نیوەی شەڕەکان زۆر ترسناکترە لە میکانیزمی سەربازی. دەڵێن شەڕ ترسناکترنیە لەو فیتنەیەی راگەیاندن دروستی دەکات .

راگەیاندنی ئەمڕۆ توخمێکی بێلایەن نیە. هەروەک پێویست بوو بابەتیانە نمایشی خۆی بکات وەبەکارهێنانی لەم چەرخەدا بێ مەلامەت نیەو ناوەرۆکێکی ئیۆلۆجی و ئاراستەیەکی سیاسی و دووربینیەکی کۆمەلایەتی لەخۆ دەگرێ و کۆمەڵێ لە ئامانجەکانی بەرز رادەگرێ لە پێناویدا تێدەکۆشێ بۆ چاندنیان.

ئەو توخمانەی ئەمڕۆ زاڵن بەسەر راگەیاندندا – تەکنەلۆجیا – زانیاری- تمویل کردن: ئەوەی دەیەوێ لە هەواڵ زانیاری پێشبینیەکان و بیرورایی بلاوی دەکاتەوە پاشانیش دەتوانی پروپاگەندە بۆ بەرهەمە رۆشنبیریەکەی، زمانەکەی ئایدۆلۆجیاکەی سیاسەتەکەی بەرژەوەندیەکانی ئەنجام بدات.

راگەیاندنی نێودەڵەتی ئەمڕۆ لە سێبەری جیهانگیریدا راگەیاندنێکە بەیەک ئاراستە دەڕوات و دەگاتە لامان بەشێوەیەکی نەرم سنورەکانمان دەبەزێنێت و رۆشبیریەکەمان دەبرێت مەرج نیە بە هێزمان بکات, زۆرجار رووبەڕوو بونەوە روودەدات. لەرووی سیاسیشەوە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی ولاتە پیشەسازیە گەورەکان ووڵاتانی کۆمەک بەخش ئەمڕۆ سەربەخۆیی سیاسی زۆر لە وولاتانی جیهانیان بە زاندووە بە تایبەتی ناوچەکەی ئێمە رەنگە عێراق تایبەتمەندیەکی خۆی هەبێ، چونکە شێوازی شەڕیشی بۆ گیرایە بەر لەم بوارەدا لەگەڵ ئەوەش پاڵەپەستۆیەکی راگەیاندنی گەورە لە جیهانداو لە ناوچەی ئێمە بەرێوە دەچێ بۆ گەمارۆدانی ناوچەکەو گونجاندنی لەگەڵ پلانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی. زۆر لە رۆشنبیری سیاسیمان وەک گەلی کوردستان بەتایبەتی و گەلانی ناوچەکە بەگشتی لەژێر پالپەستۆو کاریگەری راگەیاندنی ولاتە زلهێزەکاندایە ئێمە وەک گەلی کورد پیرۆزی هێزی پێشمەرگە – مافی چارەی خۆنوسین و دەوڵەتی سەربەخۆ – کێشەی کەرکوک سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی. ئەمانە لە رۆشنبیری سیاسیماندا جێگیربوون و کڕین و فرۆشتنی بێناکرێ بەلام ئەو راگەیاندن و رۆشنبیری ئەمڕۆ ئەمەریکا کاری بۆ دەکات لەوازبوون و سڕینەوەی ئەم رۆشنبیریە لای تاکەکان زۆرجار لەلای حزب و گروپەکان کێشەی کەرکوک و رۆڵی وتەبێژ و راگەیاندنەکانی کۆشکی سپی و ئەمەریکاو بەریتانیا و ووڵاتانی تری هاوپەیمانیان لەناوچەکەو جیهان نەک یاریدەدەری پەیڕەوێکی دیموکراسیانەو مافی زۆرینە نیە بەڵک و زۆرجار لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان مافی رەوای گەلەکەمان پێشێل دەکەن و هێڵی سور بۆسەرکردایەتی سیاسی و بزوتنەوە نیشتیمانی و رزگاریخوازەکەی دادەنێن. زۆرجار کاریگەری راگەیاندن و رۆشنبیری جیهانگیری کە ئەمڕۆ ئەمەریکا هێزو توانای ناو ئەم دیاردەیەیە, لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بۆ کەمکردنەوەی تواناکانی لاوازکردنی گیانی بەرگری و کاریگەری دەروونی وای لێدەکات لە گیانی کاری بەکۆمەڵ دووری دەخاتەوە وە رارایی و دوودڵی لە تێکۆشان لەبەرگری لە دەستکەوتە نیشتیمانیەکان لەدوور خستنەوەی لاوان لە و خەم و مەینەتیە راستەقینانەی هەیانە بۆیە خۆپیشاندانە بەبەکۆمەڵەکانی خەڵکی کوردستان و یەکێتی رای گشتی حزب و جەماوەر جۆرێک لە زیندوکردنەوەی رۆشنبیری سیاسیان لەو لاوازی یەی تێیدایە. زۆر گرنگە ئەم یەک هەڵوێستیەو ئەم کارە بە کۆمەڵانە پەرەپێبدەین بە زیندووی رای بگرین. شێوازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندنی جیهانگیری گیانی بەکاربەر خۆش گوزەرانی بەهێزدەکات لەبەرئەوەی زیادبوونی بەرهەم پێویستی بەکاربەر هەیە وەئەمەش قازانجی زیاتری بۆ دەستەبەر دەکات لە پێناو ئەمەشدا راگەیاندنە جۆراوجۆرەکان بەدرێژایی شەو رۆژ ریکلام و پڕوپاگەندە بلاودەکەنەو بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانی خەڵک بۆ کێینی شتی نوێ بۆ بەرهەمەکان لەناو ئەم جۆرە کەش و هەواو راگەیاندنەدا گۆران لەتوانا ی تاکەکاندا روو دەدات بەرامبەر ئەو خۆشیەی لە شتەنوێکان وەری دەگرێ و تاکەکان بەدوای داهات و پارەدا دەگەڕێن لە گەڵ ئەو خۆشگوزەرانی لێ دەبینن ئەمەش وا لەمرۆڤ دەکات دوور کەوێتەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا و گیانی خۆبەزلزا نین رەشبینی و دابڕان لەداب و نەریتە کۆمەلایەتیەکان وەبێزاربوون لەزمانی رەخنەی و گیانی رەخنەگرتن لاوازکردنی گیانی کارکردنی بەکۆمەڵ لاوازی لەبەشداری کردنی چالاکی سیاسی و ژیانی سیاسی دا. دووری دەخاتەوە لەناو کرداری گۆڕاندا تاشێوازەکانی راگەیاند دەبنە مەرجەعیەتی رۆشنبیری بۆ تاک نەک واقعی کۆمەلایەتی و بەدیلەکانی.

راگەیاندنەکانی کوردستانی ئێمەش بەشێکن لەوەی کە جیهانی ئەمڕۆ بەرێی دەکات لەدەستکەوت و لە نشوسینەکانی لەلایەنە باش و خراپەکانی. راگەیاندنی کوردستانی راگەیاندنێکە دەناڵێنێ بەدەست دابەش بوونێکی قووڵ و ململانێیەکی توند کە پەیوەندی راستەوخۆی بەمێژووی خوێناوی گەلەکەمانەوە هەیە هەم لە ئاستی ناوخۆ هەم لەگەڵ دووژمنەکانی راگەیاندن لە کوردستان نەک نەیتوانیوە خوێندنەوەیەکی نەتەوەیانە تێپەڕێنێ بەڵکو تائێستاش نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەو راگەیاندن بەدەست حزبەوەیە و حزبیش لە حاڵەتێکی تەندروست و ڕێرەوێکی ئاسیی دەرچووە نەبۆتە وەسیلەی گۆڕن و لە ئاست پێداویستییەکان بێت بۆیە خیتابی راگەیاندن ناتوانێ لەئاست راگەیاندنێکی هاوچەرخ دابێت نامەێ بچمە وردەکاری چۆن زۆر لەکارەکانی راگەیاند رۆڵیان لە بەهێزکردنی بنەمای توندوتیژی هەیە یان جیاوازی رەگەزی یان بەهێزکردنی پێگەی هۆزو تایەفەگەری و لاوازکردنی گیانی رەخنە لە خۆگرتن رەخنە وە لاوازی گیانی گفتوگۆو لەبەرامبەر هێز وەپێشێل کردنی مافی هاوڵاتی بوون و کەمایەتی و یان ئارستەکردنی رای رەسمی بەشێوازی .... هەرچەندە زۆر لەم راگەیاندنانە پڕوپاگەندەی وادەکەن لەگەڵ رەوتی یەکەمن هەروەک لەسەرتاوە باسم کرد کە جیهانگیری بەچارەسەری تەواوی کێشەکان لەقەڵەم دەدەن. بۆیە بنیات نانی راگەیاندنی دیموکراتی ئەرک و رۆڵی گرنگی خۆی دەگێرێت لەبەرامبەر راگەیاندنی دەسەلاتخوازی و راگەیاندنی ئاینی و تائیفی و شێواندنی رۆشنبیری سیاسیمان وەدەرخستنی رووی راستەقینەی ماف و داخوازی و کێشەو واقعی کۆمەلایەتیمان . ئەرکی راگەیاندنە تێکۆشان و زەمینە خۆش کردن بۆ ئازادی و رزگاری و گۆڕانی دیموکراتی بەبەهایەکی مرۆڤایەتی و شارستانی. راگەیاندنی دیموکراتی وەسیلەیەکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەمان. پشگیری کردن لە دیموکرایتەت و فرەیی و بیرورای جیاواز وەهەموو ئەو ئازاد یانەی دەبنە هۆکاری گۆڕان لەبنەما کۆمەلایەتیەکان و کۆمەڵگاکەمان دەگوازرێتەوە لە دواکەوتنەوە بەرەو پێشکەوتن. کاربکەین بۆئەوە گرنگی دانی خەڵک فراوانتر بکەین بۆهەموو ئەو کێشانەی پەیوەندیان بەخۆیان و کۆمەڵگا کەمانەوە هەیە، دادپەروەری کۆمەلایەتی و یەکسانی لەمافی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی هاولاتیان پارێزراو بێ. کاربکەین تاکەکانی کۆمەڵ چالاک و بەتوانا و خاوەن بڕیاربن و یاریدەدەری گۆڕانکاریەکان بین بە ئاراستەی دوارۆژێکی باش بۆئەوەی تاکەکان کاربکەن بەرهەم هێنبن زانست پەروەربن خولقێنەرو داهێنەربن.

راگەیاندنی دیموکراتی ئەو راگەیاندنە بابەتیە رەخنە گرانەیە لەپێناو مرۆڤدا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی لە زانیاری و ئازادی وپێشکەوتن کاردەکات.

**مەجید حەمە فەرەج**

**سەرچاوە:**
**ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ**

www.kurdistanan.net

# تەرمە نەناسراوەکان هی مرۆڤی کامە گەردوونن؟

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و رووخاندنی رژێمی سەدام دیاردەیەکی ترسناک شارەکانی عێراقی لەخۆی لوول داوە، ئەویش دۆزینەوەی تەرمی کەسانی نەناسراوە. بەدرێژایی ٥ ساڵی رابردوو، هەزاران تەرمی نەناسراو کە شوێنەواری ئازارو ئەشکەنجەدانیان پێوە دیاربووە، دۆزراونەتەوە، ئەمە وێرای دۆزینەوەی دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ.

بێگومان ئەو تەرمە نەناسراوانە لەژێر پاساوی جۆراوجۆرەوە کوژراون و گیانیان لێ سەندراوەتەوە، ناشکرێ بڵێین کە هەموویان لە دەرەوەی عێراقەوە هاتوون، راستیەکەی ئەوانە زۆربەیان وڵاتی عێراقی و کوردستانین، بەتایبەتیش ئەو ژنانەی لە ژێر پاساوی کرینەوەی شەرەفدا دەبردرێنە دەرەوەی شارو دەکوژرێن.

ئەگەر سەرژمێرێکی راست و دروست بۆ ئەو تەرمانە بکەین، دەکرێ بلێین کە عێراق بۆتە گۆڕستانی تەرمە نەناسراوەکان. ئەگەر ئەو تەرمانەی شارەکانی عێراق لە پشت پەردەی پاساوی گرژی و ئاڵۆزی و توندوتیژەکان بشاردرێتەوە، بەڵام ئایا پاساو بۆ دزۆینەوەی تەرمی نەناسراو لە شارەکانی کوردستاندا چییە؟!

هەڵبەت زۆرێک لەو تەرمانە بەدەستی خزم و بنەماڵەکانی خۆیانەوە دەکوژرێن، بەتایبەتیش کچان و ژنان. جا ئەگەر خێزانێک بە دوای تەرمی ون بوویکی خۆی نەگەرێ و خەمی بۆ نەخوات، بەڵگەی ئەوەیە کە بە بڕیارو دەستی خۆیانەوە کوژراوەو تەرمەکەشی فڕێدراوە، مخابن رۆژ دوای رۆژ ژمارەی تەرمەکان زیاتر دەبن و کەسیش خۆیان لێ بە خاوەن ناکات. باشە ئەگەر بنەماڵەکان بەبیانۆی جۆراوجۆرەوە خۆشەویستانی خۆیان دەکوژن و قسەش ناکەن، ئەی رۆڵی حکومەت و پۆلیس و ئاسایش چییە؟! ئایا کەی حکومەت



خۆی بە خاوەن دەزانێ و داکۆکی لە مرۆڤانە دەکات کە گیانیان لەژێر هەڕەشەی دابونەریتی کۆمەڵگە دایە؟!

گریمان ئەو تەرمانەی کە دەدۆزرێنەوە، هەر هەموویان هی مرۆڤی کۆمەڵگەی دیکەن و لە وڵاتان و هەسارەی دیکەوە هاتوون، بەڵام ئەگەر وایە، ئەی بکوژەکان کێن و لەکام وڵات و هەسارەوە هاتوون؟

بێگومان دەبێ بکوژەکان خەڵکی وڵاتی خۆمان بن، دەنا چۆن ئەو شوێنانە پێدەزانن تا تەرمەکانیان لێ فڕێ بدەن، ئەگەر شارەزاییان لە ناوچەکەدا نەبێ، ئەی چۆن خۆیان دەرباز دەکەن؟!

سەرباری ئەوەی کە رۆژانە پۆلیس هەواڵی دۆزینەوەی تەرمی نەناسراو بە کەناڵەکانی راگەیاندن دەدات، بەڵام حکومەت هەست بە بەرپرسیاریتی ناکات و رۆژێک هەواڵی دەستگیرکردنی بکوژانیش بڵاو ناکرێتەوە.

مرۆڤ ئەگەر پیرۆزترین بوونەوەر بێ، شیاوی ئەوەیە کە گیانی پارێزراو بێ، شایستەی ئەوەیە کە بە شکۆوە بەخاک بسپێردرێ، بەڵام ئایا ئەو تەرمە نەناسراونە هی مرۆڤەکان نین؟ ئەی بۆچی لایەنێک خۆی بە پارێزگاریانا نازانێ و کەسێک لە سەریان دەنگ هەڵنابڕێ و فرمێسکیان بۆ نارێژێ؟!

لەهەموو حاڵەتەکانەوە حکومەت بەرپرسیارەو دەبێ رێوشوێنی گونجاوتر بگیرێتە بەر تا چیدیکە مرۆڤەکان بە دزیەوە نەکوژرێن و تەرمەکانیشیان فڕێ نەدرێ!

**کاوە عەلی**


## رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

**خاوەنی ئیمتیاز:**
رێکار ئەحمەد

**سەرنووسەر:**
حوسێن حەسەن

**ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:**
٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

**ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:**
٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١





**ئۆفیسی سلێمانی**
گەڕەکی رزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

**ئۆفیسی هەولێر**
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی رزگاری
بەرانبەرانبەر ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

**ئۆفیسی کەرکوک**
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

**ئۆفیسی رانیە**
شەقامی نالی،
بەرانبەر گەراجی نەورۆز
کتێبخانەی رۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com